## هونەری نەتەوەی باڵادەست و هاوارێکی پەنگخواردوو

هۆمەر نوریاوی





هەر پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی دواکۆچی هونەرمەندی ناوداری فارسزمان "محەممەدڕەزا شەجەریان"، شڵەژانێک لە نێو ڕووبەری فەرهەنگیی کورددا دروست بوو. زۆرینە،پاڵپشتی ئەم هونەرمەندە دەکات و بە هێما و سیمبۆلی هونەری ڕاستینە و خودی خۆیشی بە هونەرمدندێکی ئازادیخواز دادەنێت و پرسەکە زێتر دەباتەوە سەر دنیای هونەر و لە سیاسەتی دوور دەخاتەوە. کەمینەیش، کە چارەنووسی هونەرمەندانی نەتەوەکەی خۆ وەک چارەنووسی خۆ و میللەتەکەی دەبینێت، هاواری لێ بڵند دەبێتەوە و دەنگی گلە و سکاڵای ڕوو لە زۆرینەیە کە بۆچ دەبێت هونەرمەندی نەتەوەیەکی باڵادەست لای گەلی بندەست، زێتر لە هونەرمەندی نەتەوەکەی خۆی بێت؟

ڕاستیت گەرەکە نەتەوەی باڵادەست بتەوێت و نەتهەوێت هەژموونی لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی نەتەوەی بندەست ئەوەندە هەمەلایەنەیە کە تەنانەت بۆ سەر ناخ و هەست و نەستی نەتەوەی بندەست بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، شۆڕ بۆتەوە.

نەتەوەیەک بە درێژایی مێژوو،خودان کیان و دەستەڵات و حوکوومەت بووە و نەتەوەیەکی دی، هەمیشە بە چاوی کەمینە و ئەتن و قەومێک سەیر کراوە و هەرگیز لە هیچ گۆشە نیگایەکەوە مافی یەکسان و بەرانبەری پێ ڕەوا نەبینراوە؛ هەر بۆیە مێژوو، ئەدەب و هونەرەکەیشی هەر بە هەمان چاو سەیر کراوە.

قسە لەسەر شەجەریان و هونەرەکەی نییە، قسە لەسەر هونەر و هونەرمەندی نەتەوەیەکە کە هەرگیز هەلی یەکسانی بۆ نەڕەخسێندراوە کە دەربکەوێت، ببینرێت و هونەری نەتەوەکەی پێش چاو بخات.

لە کۆنەوە تا هەنووکە، کورد هەر لەم بەشەی کوردستان(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا، بە دەیان گەورە هونەرمەندی وەک "محەممەدڕەزا شەجەریان"ی هەبووە کە بە هەزار داخەوە، لەبەر بێ کیانبوون، تەنانەت لە نێو نەتەوەکەی خۆیشیدا بە قەدەر شەجەریان نەناسێندراە.

ئەمە کێ دەیکات؟ دەستەڵات، میدیا و ڕاگەیاندنی فەرمی.

سەیید ئەسکەر کوردستانی،حەسەن زیرەک، محەممەد ماملێ، ئۆسمان هەورامی،حیشمەتوڵڵا لورنژاد، قالەمەڕە، ئیسماعیل مەسقەتی، مەزهەر خالقی، عەبباس کەمەندی، ئیسماعیل سابوور، ناسر ڕەزازی، نەجمەدین غوڵامی و دەیان هونەرمەندی دی، بە لای کوردەوە، هەزار هێندەی شەجەریان بەرزتر و خۆشەویستترن بەڵام چونکە کوردن، چارەنووس و قەدەری ئەمانیش ڕاست هەر وەک چارەنووسی زمان و نەتەوەکەیانە.

وەک ئاماژەم پێدا،قسەکە هیچ ڕووی لە شەجەریان و هونەرە بەرز و واڵاکەی نییە کە کەس نکۆڵی لێوە ناکات؛ قسە لەسەر بێنازبوونی هونەر و هونەرمەندی میللەتێکی بندەستە کە تەنانەت خودی نەتەوەکەیشی وەک پێویست نایناسێت.

شەجەریان، پێش و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە نێو ئێراندا ژیاوە و باش دەیزانی لە نێو ڕووبەری ئێراندا جگە لە فارس، چەندان نەتەوەی دی، کە کورد یەکیانە، بوونیان هەیە. بۆ خۆی لە خۆراسانێکەوە دێت کە کورد لەمێژساڵە لەوێندەرێ دەژییت(ئیدی لەوە بگەڕێ کە دەگوترێت هاوژینی یەکەمی، کوردە).

شەجەریان، لە نزیکەوە لەگەڵ زۆر سیمای هونەریی کورددا کاری کردووە و ناسیاویی لە تەک گەلێک هونەرمەندی ئەم گەلەدا هەبووە و بە ئازار و چەرمەسەرییەکانی ئەم نەتەوە بندەستە ئاشنا بووە. کورد بە تووش سەدان کارەساتی ناخهەژێنەوە هاتووە بەڵام درێخ لە هەڵوێستێکی مرۆیی ئەم جۆرە هونەرمەندانە(هونەرمەندانی نەتەوەی باڵادەست) بەرانبەر بەم نەتەوەیە.

گەر باس لەوە دەکرێت شەجەریان لە کۆتا ساڵانی تەمەندا پشتی لە دەستەڵات کردووە، زۆر ڕاستە. بەڵام خۆ هونەرەکەی ئەم هونەرمەندە هەر لە سەردەمی ئەم دەستەڵاتەدا زێترین گەشەی بەخۆوە بینیوە و هەلی دەرکەوتنی لە ئاستی جیهاندا بۆ ڕەخسێندراوە. بۆچ؟ چونکە فارس بووە و هەمیشەیش لە دووی بەرزکردنەوەی ناو و ناوبانگی زمان و نەتەوەکەیەوە بووە.

ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە نەتەوەی باڵادەست ئەوەندە قووڵ کاری کردۆتە سەر نەتەوەکانی بندەست کە زۆر جار نەتەوەی ژێردەست،هەموو شتێکی خۆی لە ئاوێنەی نەتەوەی باڵادەستدا دەبینێتەوە.

شەجەریان بە نوێنەرایەتی کامە نەتەوە و کیان و دەستەڵات لێرە و لەوێی جیهان، بانگێشت دەکرا و بەرنامەی هونەریی و کۆنسێرتی بەڕێوە دەبرد؟ دیارە هەمووی بە ناوی ئێرانەوە بووە. بەڵام کوانێ هونەرمەندی کورد، هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا، هەرگیز ئەو مافەی پێ ڕەوا

بینراوه که له ئێرانه‌وه و وه‌ک نه‌ته‌وه‌یه‌کی نێو ئێران، هه‌لی یه‌کسان وه‌ک به‌ڕێز شه‌جه‌ریانی بۆ بڕه‌خسێندرێت و له ئاستی جیهاندا به‌رنامه‌ی هونه‌ری به‌ڕێوه ببات؟

بۆچی؟ چونکه به‌ڕێز شه‌جه‌ریان،نوێنه‌ری زمان و نه‌ته‌وه‌ی خودان کیان و باڵاده‌سته و هونه‌ر و هونه‌رمه‌ندی کورد، له نه‌ته‌وه‌ی بنده‌سته. هه‌ر به دوای مه‌رگی شه‌جه‌ریاند دا ده‌یان هونه‌رمه‌ندی کورد، له که‌ناڵه فارسییه‌کانه‌وه ده‌رده‌که‌ون و باس له هونه‌ره واڵاکه‌ی شه‌جه‌ریان ده‌که‌ن که ئێمه‌یش ده‌نگمان ده‌خه‌ینه پاڵ ده‌نگیان که شه‌جه‌ریان،هونه‌رمه‌ندیکی مه‌زن بوو به‌ڵام ئه‌ی بۆچ بۆ تاقه جارێک،هونه‌رمه‌ندێکی فارست پێ شک نه‌هات و نایه پاش مه‌رگی ده‌یان گه‌وره هونه‌رمه‌ندی کورد،له‌سه‌ر که‌ناڵێکه‌وه ده‌ربکه‌وێت و باس له هونه‌ره واڵای ئه‌م هونه‌رمه‌ندانه بکات؟

دیاره وه‌رامه‌که ڕوونه. چونکه کورده، بێ کیانه،بێ ده‌سته‌ڵاته، لێره و له‌وێ به ئه‌تن و قه‌وم داده‌نرێت، له‌وه هه‌ژێنه‌رتریش ئه‌وه‌یه که کورد بۆ خۆیشی له بن هه‌ژموونی دێرینی نه‌ته‌وه‌ی سه‌رده‌ستدا، باوه‌ڕی به‌و ئه‌قڵییه‌ته هێناوه.

ئه‌وه‌ی ئیبراهیم ته‌تلیسه‌س،عه‌لیڕه‌زا ئیفتیخاری و محه‌ممه‌دڕه‌زا شه‌جه‌ریان به‌سه‌ر مێلۆدی و ئاوازی کوردییان هێناوه، خه‌تاکه به‌رۆکی خۆمان ده‌گرێته‌وه و دزه خۆمانه‌یه و به‌رینانمان چه‌نده جوان فه‌رموویانه: "دار، پوازی له خۆی نه‌بێ، ناقڵیشێ".

هه‌رگیز له‌گه‌ڵ بێڕیزیکردن،شکاندن و سووکایه‌تیکردن به هونه‌ر و هونه‌رمه‌ندی هیچ نه‌ته‌وه‌یه‌کدا نه‌بووم و ناشبم و هونه‌ری پاکژ و هونه‌رمه‌ندی ڕه‌سه‌ن و ڕاستینه له کوێی سه‌رزه‌وی و سه‌ر به کامه نه‌ته‌وه بێت، لام خۆشه‌ویست و خودان ڕێزه؛ وه‌ک چلۆن حه‌زم له ده‌نگی گه‌لێک هونه‌رمه‌ندی سه‌ر به نه‌ته‌وه‌کانی دیکه‌یه.

کورد پێویسته به زمانی زانست و کۆڵنه‌دان، خۆی و هونه‌ره‌که‌ی به جیهان بناسێنێت چونکه نه‌ته‌وه‌یه‌کی دێرین و خودان شارستانییه‌تی سه‌رزه‌وییه.

ئه‌مه کورت و پوختی پرسه‌که‌یه و با شه‌ڕه‌قسه هه‌ر به‌وه‌نده بوه‌ستێت. پرسه‌که چ پێوه‌ندی به شه‌جه‌ریانه‌وه نییه و کورد ته‌نێ هه‌له‌که وه‌ک ده‌رفه‌تێک بۆ ده‌ربڕینی هاواری په‌نگخواردوو و کپکراوی ناخه‌که‌ی و هونه‌ری نه‌ته‌وه‌که‌ی ده‌قۆزێته‌وه. سه‌رنجێکی دوا په‌یام و قسه‌ی هونه‌رمه‌ندی هه‌ره ناوداری کورد"حه‌سه‌ن زیره‌ک"بده که له کاسێتێکدا ده‌ڵێ: "هونه‌ر بۆ من به‌هره‌یه‌کی نه‌دا،هونه‌ر بۆ من کارێکی نه‌کرد به شوێنیا بچم، چون کوردم و به زمانی کوردی قسه ده‌که‌م".

ئیتر تۆ خۆت سەربەستیت چلۆن دەڕوانیتە پرسەکە.

شیاوی ئیشارەت پێدانە کە هونەرمەند"محەممەدڕەزا شەجەریان"،ساڵی ١٣١٩ی هەتاوی(١٩٤٠) لە شاری مەشهەد لەدایک بوو و ڕۆژی پێنج شەممە،١٧ ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی(٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠)لە تەمەنی ٨٠ ساڵان، لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاران دا کۆچی دوایی کرد.